# پەیوەندی نێوان هونەر و پەروەردە
## (خوێندنەوەیەكی شیكاری)

حسن حسێن صدیق[1] - بەیار عوسمان قادر[2]
[1+2]بەشی فەلسەفە، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی راپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە:**
هونەر و پەروەردە دو بابەتی گرنگن چ لە رابردو كاریگەریان هەبوە لەسەر ژیان و بیركردنەوەی مروڤدا و چ لەئێستادا ئەو كاریگەریەیان بەئاشكرا دەبینرێت. راستە وەك بابەتی جیاواز و سەربەخۆ هەریەكەیان خاوەن چەمك و دەلالەت و ئەركی جیاوازو سەربەخۆن، لەهەمان كاتدا پەیوەندییەكی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەیە. چۆن هەریەكەیان بەجیا ڕۆڵیان لەژیان وبیركردنەوەی مرۆڤ دا بەرجەستەوو هەست پێكراوە، بەهەمان شێوە پەیوەندیەكەشیان دیارەو گەیشتۆتە ئاستێك بواری فكری و فەلسەفی سەربەخۆ بهێنێتەكایەوە كە بریتییە لە (پەروەردەی هونەر).

هونەر بریتییە لە بەكارهێنانی ئەندێشە بۆ دەربڕینی ئایدیا، جا لە رێگەی هەریەكە لەهونەرەكانی میوزیك ونیگاركێشان و ونواندن و ئەدەب وپەیكەرسازی و هەربابەتێكی تری ناو بوارەكەبێت.

هونەربەپێی سەردەمەكان و فەیلەسوفەكان تێگەیشتن و بۆچۆن جیاوازی هەیە، لەڕوی گرنگپێدانیشەوە لە فەلسەفەو سەردەمێكەوە بۆ فەلسەفەو سەردەمێكی تر گرینگیەكەی جیاوازە.

پەروەردەش بەهەمان شێوە بابەتێكی گرینگە و مرۆڤ لەسەردەمە سەرەتایەكانەوە گرینگی بەم بوارە داوە و مەبەست لێی ئاراستەكردن و ڕینوێنیكردن و فێركردن و پەروەردەكردنی و كەسێك یان شتێك لەگەڵ ژینگەی جۆراوجۆر و پێكهاتە هەمەجۆرەكانیدا تا دواین سنوری تەواوكاری كە لەتوانایدایە. ئەم بوارەش لەنێوان فەلسەفەو سەردەمەكاندا ڕۆڵ و كاریگەریان جیاواز بینراوە.

هەریەكە لە هونەر و پەروەردە جگەلەوەی پەیوەندیان بەیەكەوە هەیە و كاریگەریان لەسەریەكتر هەیە، بۆیە خستنەڕوی گرینگی هەریەكە لەبابەتەكانی (هونەر و پەروەردە) لە بیركردنەوەی فەیلەسوف و زاناو بیریارانی ئەم بوارانە و تێگەیشتن لەو گرینگییەی هەیانە لەژیانی مرۆڤدا. لەهەمان كاتدا هەریەكەیان بەجیا پەیوەندیان هەیە لەگەڵ زانستەكانی تردا. چونكە ئەم دو بابەتە بابەتێكی داخراونین بەڕوی لایەنەكانی تری مەعریفەو بیركردنەوە و ژیاندا بەگشتی.

ئەو پەیوەندیانەش زیاتر لەبوارەكانی (كۆمەڵایەتی و دین و زانست و ئاكار و دەرونزانی و سروشت)دا دەردەكەون. پەیوەندی نیوان هونەر و پەروەردە زیاتر لەپەروەردەی منداڵدا بەدیاردەكەوێت.

پەروەردەكاران داوادەكەن سودوەربگێرێ لەهونەر بۆ باشتر و كارئاسانكردنی پرۆسەی پەروەردە لەهەمان كاتدا گرینگی بەپەروەردە دەدرێت بۆفێركردنی هونەرەكان.

**كلیلە وشەكان:** هونەر، پەروەردە، پەیوەندی هونەر و پەروەردە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

**Received:** 10-April-2022

**Accepted:** 19-May-2022

**Published:** 29-March-2023

**Corresponding Author's E-mail:**

hasan.25@uor.edu.krd

bayar.othman@uor.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەكی:

پرسی پەیوەندی نێوان هونەر و پەروەردە پرسیكی گرنگە و لەمێژە لەنێوان بیریاران و فەیلەسوفانی هەردو بابەتەكە گفتوگۆی لەبارەوە دەكرێت، بەشێوەیەكی گشتی زۆربەیان ڕایان لەسەر ئەوە كۆكە هەردو بابەتەكە گرنگن و پەیوەندییەكەشیان گرنگەو كاریان لەسەر یەكتر كردوە و ئەم كاریگەریەش بەردەوام دەبێت.

كاركردن و بەدواداچون لە سەربابەتێكی وەها ئەگەرچی كارێكی ئاسان نییە. بەلاَم ئەوە دەهێنێ هەوڵ وتێكۆشانی لەبارەوە بدرێت و بۆخزمەتی زانست و پێشخستنی كۆمەڵ و سودگەیاندن بەنەوەی داهاتو، ئەركێكی وەها بەئامانج بگەێنین، چونكە هەردو بوارەكە پێكەوە دەتوانن كاریگەری جێبهێڵن لەسەرداهاتوی كۆمەڵگەو لابردنی ئاستەنگەكانی بەردەم پرۆسەی پەروەردە و فێركردن و پێشكەوتن.

## پرسیاری سەرەكی توێژینەوە:

ئەو پرسیارە گرنگەی كە كیشەی تویژینەوە (المشكلة البحث)كەمان دەخاتەرو بریتیە لەوەی: ئایا پەیوندی نێوان (هونەرو پەروەردە) چ كاریگەریەكی لەسەر بواری هونەرو پەروەردە لەلایەك و پێشكەوتنی كۆمەڵگە هەیە، لەلایەكی تر چۆن هونەر ڕۆڵی لە ئامادەكردنی و پێگەیاندنی تاك هەیە لە ڕێگەی پەروەردەوە.

## گرنگی توێژینەوە :

پەروەردە گرینگترین پرۆسەیە لەژیانی هەرتاكێك و هەر كۆمەڵگەیەكدا، چونكە چۆن تاك پێویستی بەپەروەردەیە بەهەمان شێوە كۆمەڵگەش لەڕێگەی پەروەردەكردنی تاكەكانیەوە، پەروەردە گرینگیەكی گەورەی هەیە لەپێشكەوتنی هەر كۆمەڵگەیەكدا.

هونەریش وەك چێژبەخشین و دروستكردنی هەستی جوانی لای تاكەكانی هەر كۆمەڵگەیەك. دەرونێكی ئارام و ئامادەیەكی باشی جەستەیی و بیركردنەوەیەكی بەرزیان پێدەبەخشێ.

## ئامانجی توێژینەوە:

مەبەستمانە لەم توێژینەوەیەدا بگەین بەم ئامانجانەی خوارەوە:

١-خستنەڕوی گرینگی هەریەكە لەبابەتەكانی (هونەر و پەروەردە) لە بیركردنەوەی فەیلەسوف و زاناو بیریارانی ئەم بوارانە و تێگەیشتن لەو گرینگیەی هەیانە لەژیانی مرۆڤدا.

٢-گەیشتن بەبونی پەیوەندی نێوان هونەر و پەروەردە و كاریگەری ئەو پەیوەندیەی لەنێوانیاندا هەیە و سودی بۆ پێشخستنی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

## متیۆدی توێژینەوە:

لەتوێژینەوەكەماندا پەنامان بردۆتە بەر متیۆدی (شیكاری) بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری سەرەكی توێژینەوەكەمان و گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەكە. ئەمەش لەبەر گونجاوی ئەم متیۆدە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەكەمان.

## پلانی توێژینەوە:

توێژینەوەكەمان پێكهاتوە لە سێ باسی سەرەكی، باسی یەكەم: دابەشكردوە بۆ دو تەوەرە لە تەوەرەی یەكەمدا باسمان لە تێگەی هونەرو لە تەوەرەی دوەمدا باسمان لە تێگەی پەروەردە كردوە لە دو تەوەردا. باسی دوەم: تەرخانكراوە بۆ باسكردن لە هونەرو پەروەردەو پەیوەندییەكانیان لە دو تەوەردا لەتەوەری یەكەم باسمان لە هونەرو پەیوەندی و تەوەری دوەم باسمان لە پەروەردەو پەیوەندییەكانی كردوە. باسی سێیەم: تەرخانكراوە بۆ باسكردن لە پەیوەندی نێوان (هونەرو پەروەردە) و زانینی بەرهەم و گرنگی ئەم پەیوەندیە.

## باسی یەكەم: تێگەی (چەمك) هونەر و پەروەردە

### تەوەرەی یەكەم: تێگەی هونەر:

بنەڕەتی وشەی هونەر بریتییە لە تێخنە (techne)ی یۆنانی و (Art)ی لاتینی و لەگەڵ (Technique)ی ئینگلیزی و فەرەنسی و(فن)ی عەرەبی و فارسی هاومانا و واتان (حمە صالح،٢٠١٣، ل12).

بەڵام بنەڕەتی وشەی (هونەر) كە لە زمانی كوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (حونەری و حونەر) كە لە ئاخافتندا بۆ وەسفكردنی هەركارێكی ئاست بەرز كە بەدیهێنانی جۆرە زرنگی و وریاییەكی نائاسایی پێویست بێت، بەكاردەهێنرێت. لە ئێستادا دەتوانین بڵێین ئەم تێگەیە لە هەمو زمانەكانی جیهاندا، تێكڕای هونەرە جوانەكان ونیگاركێشی و پەیكەرتاشی و مۆسیقاو ئەدەب و شانۆگەری و چالاكیەكانی تر) دەگرێتەوە (میراودەلی، ٢٠٠٥، ل١٨).

هونەر بریتییە لە بەكارهێنانی ئەندێشە بۆ دەربڕینی ئایدیا، لە ڕێگەی هەریەكە لە هونەرە جیاوازەكانەوە (حمەصالح،2013، ل١٢). دیارە ماناو گوزارشتی وشەی هونەر لە زمانێك بۆ زمانێكی تر جیاواز بەكارهاتوە. بۆ بابەتی هونەر زیاتر لە وشەیەك بەكاردەهێنرێت بۆیە زۆرجار لەكاتی بەكارهێناندا بڕیار دەدرێت كام وشەو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

بۆچ مانایەک یا گوزارشتێکی بەکاربهێنین. وشەی (art) لە لاتینی کۆندا هەروەکو وشەی (techne) لە گریکیدا مانای پیشە یان جۆرە شارەزایی و پسپۆریەک لە پیشەدا دەگەیەنێت. بەنمونە پیشەی دارتاشی یان ئاسنگەری یان برینپێچی. ڕۆمانی و گریکەکان پێیان وانەبوە (art) شتێکی جیاواز بێت لە پیشە(craft)، تەنانەت هونەری شیعریش (arts poetic) لەسەرەتاوە تەنها بە پیشەیەکی وەکو دارتاشی و پیشەکانی دیکەیان داناوە (میراودەلی، ٢٠٠٥، ل17). بۆیە یۆنانیەکان تێگەی (techne)یان بۆ هونەر داناوە، ئەم تێگەیە لەهەمان کاتدا، واتای هەمو چالاکیەک بۆ دروستکردنی شتێک و بەرهەمهێنان دەبەخشێت. هەر بۆ نمونە (ئەرستۆتێلیس) ئەم وشەیەی لە یەکێک لە نوسراوەکانیدا بۆ بەرهەمێکی هونەری بەکارهێناوە (کەمال، ٢٠١٧، ل٩).

بەڵام وشەی (art) لەسەدەی لاتینی ناوەنددا، هەروەکو لە ئینگلیزی کۆندا ئەم وشەو ماناکەی لە لاتینەوە وەرگیراوە. مانای فێربونی هەرچەشنە زانیاریەکی کتێبی دەگەیاند، وەک ڕێزمان، لوژیک. یان ئەستێرەناسی. لە سەردەمی ڕێینسانس دا یەکەم جار لە(ئیتاڵیا)، دواتر لە شوێنەکانی تر مانا بنەڕەتەکەی خۆی واتای (پیشە)ی بەدەستهێنایەوە. چونکە هونەرمەندانی ڕێینسانس وەکو هونەرمەندانی جیهانی کۆن خۆیان بە پیشەزان دادەنا (میراودەلی، ٢٠٠٥، ل17). لێرەوە گەر بڕوانینە مێژوی هونەر ئەوە دەبینین ئیشی هونەری بەجیاکاری لەنێوان شێوازی کۆن دەستپێدەکات. ئەو ئاراستەیە لەنێو هەمو کۆمەڵگا دێرینەکاندا بڵاوبوە، لەوانەش کۆمەڵگای یۆنان. بۆیە ئەتوانین مێژوی هونەری کۆن لە دو شێوازدا ببینین:

١- شێوازی هونەری دێرین: یاخود ئەتوانین لەسەردەمی (بەردین)یش پێی بڵێن ئەو شێوازە بەوە جیادەکرێتەوە کە زیاتر واقیعە. لەم شێوازەدا مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانیەوە بەوردی سروشتی وێناکردوە.

٢- شێوازی هونەری سەردەمی بەردینی نوێ: تایبەتمەندی ئەم شێوازە ئەوەیە کە هونەر لێرەدا پەیوەست دەبێت بەتێڕوانینی ئایینی بۆ ژیان (مطر، ٢٠١٩، ل12). بۆیە داهێنانی هونەرو هەستکردن بە جوانی و جیاکردنەوەی لە ناجوانی بابەتێکە هەر لە سەرەتای ژیان بەجۆرێک لە جۆرەکان بونی هەبوە. بەڵام فەلسەفەی هونەر و داهێنانی پێوەر بۆ لەیەکتر هەڵاوێردنی ئەو بابەتانەو پۆلێنکردنیان وردە لەگەڵ پەیدابونی فەلسەفەی کلاسیکی یۆناندا سەرئاوکەوتوە، وردەوردە لەگەڵ پێشکەوتنی کلتوری کۆمەڵایەتیدا خەت و خاڵی داوە.

لێرەدا دەبینین ئەرستۆتێلیس لە تێروانینی بۆ وشەی (تێخنە) پێیوایە لەناو لایەنی سێیەمی ژیانی مرۆڤ دایە، واتە لایەنی داهێنان لە ڕوانگەی ئەو فەیلەسوفە یۆنانیەوە بریتییە لە دروستکردن و تەواوکردنی لاساییکردنەوەی سروشت بەتوانای خەیاڵ. بەمپێیەش بێت جەوهەرو هەقیقەتی (تێخنە) لەگەڵ خەیاڵی داهێنەرانەدایە و خەیاڵی داهێنەرانەش لەگەڵ لاساییکردنەوەدایە، لەمەدا ئەفلاتونیش هەمان ڕای هەیە. کەواتە بەپێی ڕامانی ئەفلاتون و ئەرستۆ لەڕاستیدا لایەنی میتامیزیکی هونەر و تێخنە جەوهەرەکەی هەرئەم لاساییکردنەوەیە دنیای ڕاستەقینە و سروشتە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە هونەردا لە یۆنانیەکان دنیایەکی خەیاڵی بەلاساییکردنەوەی دنیای ڕاستەقینە بەدیدێت (حەمەصالح، ٢٠١٣، ل13). بەلای پلاتونەوە هونەر لاساییکردنەوەی واقیعە (مجاهد، ٢٠١٣، ل٤٣). بۆیە پێویستە ئەوە بزانین سەرەڕای هاوڕایی ئەفلاتون و


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

ئەرەستۆتێلیس لەسەر ئەوەی کە هونەر لاساییکردنەوەی حەقیقەتە. بەڵام تێگەیشتنی ئەم دو فەیلەسوفە بۆ لاساییکردنەوە جیاوازە بەلای ئەفلاتۆنەوە ئەم لاسییکردنەوەیە بەشێکی پوچە، بەڵام بەلای ئەرستۆتێلیسەوە جۆرێکە لە کاری داهێنەرانە.

**١-٢: واتای هونەر:**

دەکرێت بگوترێت واتای هونەر وەک چالاکی لە ڕوانگەی مێژوییەوە، پێش چالاکی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە و تەنانەت بیرکردنەوە لە هونەریش دەکەوێت. ئاشکرایە مرۆڤ بەر لە دامەزراندنی شارستانیەت و سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە، لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان وێنەی ئاژەڵی کێشاوە. بەڵام ئەم وێنەکێشانە تەنها وەک گوزارشتێکی سادە لە وێنە کێشراوەکە بوە. بەڵام بەقوڵی لە چالاکیە تێنەگەیشتوە و نەیتوانیوە ڕاڤەی بکات. هەربۆیە لەپێشودا بابەتەکانی هونەر نەبونەتە بابەتی توێژینەوە. بەڵام لەگەڵ پەیدابونی بیرکردنەوە فەلسەفیەکان بەتایبەت لەسەردەمی ئەفلاتونەوە، واتای ئەو چالاکیانە بەکارێکی هونەری دانراون و بونەتە بابەتی توێژینەوە (کەمال، ٢٠١٧، ل٩). کەواتە هونەر وەک چالاکی بریتییە لە زیندوکردنەوەی ئەو هەستەی کە پێشتر مرۆڤ ئەزمونی کردوە بەهۆی جوڵان و ئاماژەو هێڵ و ڕەنگ و دەنگ و وێنەکانەوە. و بەجۆرێک بنوێنێتەوە، کە مرۆڤەکانی تریش بتوانن هەمان ئەو هەستە ئەزمونبکەن. کەواتە هونەر چالاکیەکی مرۆییەو بریتییە لەوەی کە مرۆڤێک ئاگایانەو بە هاوکاری نیشانگەلێکی دیاریکراوی ڕواڵەتی، هەست گەلێک بگوازێتەوە بۆ خەڵکانی تر، کە خۆی ئەزمونی کردون، بەجۆرێک ئەم هەستانە بچنە ناو ئەوانیشەوەو ئەزمونیان بکەن و لەو قۆناغە هەستییە بگوزەرێن کە ئەو پێیان داتێپەڕیوە (حمەصالح، ٢٠١٣، ل١٥).

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتی هونەر ئەبێت دانبنێین بەوەی یەکێک لەباسە بنەڕەتییەکانی مەعریفەی هونەر باسکردنە لە بارەی چیەتی ئەرک و بەرهەمی هونەری هەروەها پەیوەندی نێوانیان. دیارە یەکەم جار هەردو فەیلەسوفی یۆنانی (ئەفلاتون و ئەرستۆ) ئەم باسەیان هێناوەتە گۆڕێ. ئەم دو بیرمەندە یۆنانیە هونەریان لە ڕوانگەی بونناسی و پەروەردەو فێرکردنی ئەخلاقی و کاریگەرییە دەرونی و کۆمەڵاتیەکەیەوە، واتا پاککردنەوەی دەرونی و چێژ و ڕابواردنەوە دارشت و بەم جۆرە دەرخستنی پرسیارگەلی ئاوەزی سەبارەت بە جەوهەر و ماهیەتی هونەر و لایەنە هاوبەش و جیاوازەکانی پیشە و هونەر دەستپێکرد (تۆلستۆی، ٢٠٠٩، ل٥).

لە وەڵامی پرسیارێکی لە شێوەی (هونەر چییە؟)دا، کە لەبەر ئەوە ڕەنج و هەوڵی ملیۆنەها مرۆڤ، لە ژیانی مرۆڤەکان و تەنانەت ئاکاریش، فیدا دەکرێت، لەو جوانیناسییانەی کە هەبون، وەڵام گەلێکمان دەست دەکەوێت هەمویان بەم دەربڕینە کورت دەکرێنەکە پێی ناسراوەو لێیەوە بە دەست دێنن و چێژی بەرهەمهاتو لە هونەر چاک و گرنگە، واتە چێژ لەبەرئەوە چاکە کە چێژە. بەم جۆرە ئەوەی کە بە مێژوی هونەر دانراوە. بە هیچ جۆرێک پێناسەی هونەر نییە، بەڵکو تەنها داهێنانێکە بۆ پاساوی ئەو هونەرەی کە هەیە. بۆیە لەم ڕووەوە بەهەر ئەندازەیەک کە ئەم گوتەیە سەرسوڕهێنەر بێت، دەبێ بڵێین سەرەڕای ئەو هەمو نوسراو کتێبانەی سەبارەت بە هونەر نوسراون، بەڵام تا ئێستا هیچ پێناسەیەکی ورد، سەبارەت بە هونەر لەبەر دەستدا نییە (حمە صالح،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

٢٠١٣، ل١٣-١٤). بەشێک لە فەیلەسوفان لە گفتوگۆیەکی بەردەوامدابون کە ئایا پێناسەیەکی گشتگیر پەیدادەبێت بۆ هونەر یاخود نا؟ هەندێک ئەو فەیلەسوفانە دەڵێن: هەڵە دەبێ هەوڵی پەیداکردنی هاوبەشی کاری هونەری بدەین. لەبەرئەوەی جۆریەتیەکی بێشومار هەیە لە کاری هونەریدا بۆ ئەوەی پێناسەی بکرێت (وابرتۆن، ٢٠١١، ل240).

بەڵام لای یۆنانیەکان بابەتی هونەر جێگەی بایەخبو، بۆیە لەلایەن زۆربەی فەیلەسوفانی یۆنانییەوە ئاخافتنی لەبارەوە کراوە و بۆتە جێگەی تێرامانیان. دەتوانین بڵێین هونەری یۆنان واتا هەمان دەرکەوتنی مێژویی کە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا، دایک و سەرچاوەی سروشت بەخشی تەواوی هونەری ئەوروپا بوە. تارادەیەک کاریگەریشی هەبوە لەسەر هونەر و فەرهەنگی خۆرهەڵات. ئەگەرچی تا نیوەی سەدەی هەژدەهەمی زایینی بە نەناسراوی ماوەتەوە. بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم بە دۆزینەوەی کۆمەڵێک لە پەیکەرو هونەری ڕەسەنی یۆنان، ڕێگەیەکی بۆ ناساندنی هونەری دێرینی یۆنانی کردوە (مەرزبان، ٢٠١٩، ل63).

ئەم بایەخەی هونەر لای گریک، بەهەمان شێوە لە شارستانیەتەکانی تریشدا دەبینرێت. بۆ ڕۆڵ و کاریگەری هونەر دەگەڕێتەوە لە بواری ژیان بە تایبەت لە پرۆسەی پەروەردەکردنی مرۆڤەکان و پێشخستنی کۆمەڵگا لەڕوی ئاکاری و زانستیەوە و فێرکارییە پەروەردەییەوە، ئەم گرینگی پێدانەش لە بەهای ئەو شتانەوە بوە کە لە کارە هونەرییەکاندا جێگەی کراونەتەوە. واتە بایەخدان بە ناوەڕۆکی ئەو کارە هونەریانە یان بەشێوەیان هەمیشە بابەت بونە بۆ ڕونکردنەوەی بەهاکانیان لەو کارانەدا و، ئەو بەهایانەش کە لەو کارانەدا پەنهانبونە ئەو جوانییە بوە ئەو کارانە بەخشیویانە. شیکردنەوەی سروشت لە تەک جوانی و ناوەڕۆک و سەرچاوەی جوانکاری بۆ گەلێ لە هزرڤانان لە گریکی کۆنەوە تا سەردەمی هاوچەرخی ئێستا باسی گرینگ بوە (کۆنیسێپت، ٢٠١٢، ل112). بەنمونە هونەر لە دیدی (پیتاگۆریەکان) بریتییە لە پرۆسەی پاکردنەوەی دەرون بە تایبەت لە مویزیکدا، چونکە پیتاگوراس خۆی بەردەوام میوزیکی دەژەنی، باوەڕی وابو گوێگرتن لە میوزیک بە بەردەوامی دەبێتە هۆی پاککردنەوەی دەرون و پاراستنی لە خراپە. و لەوەش زیاتر باسی سودی میوزیکی کردوەو بە چارەسەری نەخۆشییە دەرونییەکانی داناوە، هەروەها میوزیک بەشێک بو لە ڕێورەسمی ئایینی لەلای پیتاگۆرییەکان (مطر، ٢٠١٩، ل٢٣-٢٤).

### تەوەرەی دوەم: تێگەی پەروەردە:

پەروەردە هەمان واتای وشەی (educate) زمانی لاتینی هەیە. لە سەرەتادا مەبەست لێی پەروەردەی ئاژەڵ و ڕوەک بوە. تاکو قۆناغ بە قۆناغ ئەم وشەیە بۆ واتای پەروەردەکردنی منداڵ بەکارهاتوە (الحجلای، ٢٠٠٩، ص18). لە زمانی عەرەبیدا (التربیة) کە لە چاوگی (ربي) وەرگیراوە. بەچەند مانایەک هاتوە. لەوانە بەمانای زیادکردن و گەشەکردن یاخود چاکسازی و ڕاهێنان یان بارهێنان هاتوە، کە بە مانای چاکردنی هەڵەش دێت (محەمەد، ٢٠٠٨، ل٢٩). هەرچەندە وشەی پەروەردە لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو چەمک و واتا فراوانەی نییە کە لە زمانی (فەرەنسی)دا هەیەتی. بەڵام بەهۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی لە ئێستادا زمانێکی جیهانیە. وامان پێ


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

باشترە زیاتر لە زمانی ئینگلیزیدا شیکردنەوەی بۆ بکەین. (educe) بەمانای لێدەرهێنان یاخود لێوەرگرتن دێت، ئەمەش دەبێتە (دایک) بۆ لە دایکبونی وشەیەکی بەرفراوان و سەربەخۆ کە پێیدەوترێت (education) بەواتای (پەروەردە) بەکارهاتوە. ئەگەرچی لە ڕاستیدا بەمانای ڕۆشنبیری و هۆش و بەرچاوڕونی دێت (ئالانی، ٢٠١٩، ل٢٠). لەڕوی ماناوە پەروەردە تێگەیشتنی جیاوازی دروستکردوە ڕەنگە ئەمەش بەهۆی گرنگی ئەو بوارەوە بێت، کە ئەم وشەیەی بۆ بەکارهێنراوە. بەڵام ئەوەی بەگشتی لێی تێدەگەین لەڕوی مامەڵەو زمانی گفتوگۆدا دەردەکەوێت زۆربەی مرۆڤەکان پەروەردەو فێرکردن (التربیة و التعلیم) بەکاردەهێنن بۆ یەک واتا (الحجلاوی، ٢٠٠٩، ص١٩). پەروەردە زاراوەیەکی فراوانە، لەبەر ڕۆشنایی پەروەردەی نوێدا هەمو لایەنەکانی گەشەی تاک دەگرێتەوە، کە فێربونیش (learning) لایەنێکە لەو لایەنانە (مەحمود، ٢٠١٣، ل١٢).

بەڵام سەبارەت بە چەمکی پەروەردە، هەروەکو لە زاراوەیەکەوە تێدەگەین ناتوانرێت پێناسەیەکی وردو تایبەتی بۆ دروست بکەین. چونکە مانا زاراوەییەکەی پەروەردە کە قوڵبونەوەیە لە چەمکی وشەکە. وەکو مانا زمانیەکەی سادە خۆی نادات بەدەستەوە، چونکە مانا زاراوەییەکەی ئەم چەمکە بەدرێژایی شارستانیەتەکان و فەلسەفە جۆراوجۆرەکان هەمیشە گۆڕانی بەسەرداهاتوە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، بگرە لە نێو خودی کۆمەڵگەیەکیشدا ئەو گۆڕانە هەست پێدەکەین. هەر بۆیە وەکو چەمک مشتومڕێکی زۆری لێکەوتۆتەوە (محمد، ٢٠٠٨، ل٣). ئەمەش ڕەنگە بەهۆی عەقڵیەتی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە دروست بوبێت لە ڕوانینیان بۆ پەروەردە. لەو نوسراو توێژینەوانەی لەبارەی چەمکی پەروەردە نوسراون. پێناسەیەکی گشتگیرو ورد نادۆزرێتەوە. چونکە هزرڤانانی ئەو بوارە هەریەکەو لە ڕوانگەی کەسیەوە پێناسەیان بۆ کردوە. هەر بۆیە ئێمەش چەند پێناسەیەکمان هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی پوختەیەک لە ماناو دەلالەتی چەمکی پەروەردە بخەینەڕو لە پێناو بەرچاوڕونی لە توێژینەوەکەمدا.

١- پەروەردە: بریتییە لە کۆمەڵێ چوارچێوەو ڕێگا، کە ڕێگە دەدات بە منداڵ پلەبەپلە لە ڕۆشنبیری نزیک بێتەوە. ئەو ڕۆشنبیریەی مرۆڤ جیادەکاتەوە لە ئاژەڵ (الحجلاوی، ٢٠٠٩، ص31).

٢- پەروەردە: واتای بەخێوکردن و ئاگاداری و ئاراستەکردن و پاراستن و ڕێنومایکردن و فێرکرن و ڕاهێنان و گونجاندنی کەسێک یان شتێک لەگەڵ ژینگەی جۆراوجۆر و پێکهاتە هەمەچەشنەکانیدا تا دواین سنوری تەواوکاری کە لە توانا دایە (عزیز ئالانی، ٢٠١٩، ل٢٦).

٣- پەروەردە: بریتییە لەو کارکردنەی کە مرۆڤ سەرپشک دەکات کە پەرەبدات بە ئامادەگییە جەستەیی و هزریەکەی، وەک چۆن گەشە دەدات بە هەستە کۆمەڵایەتی و جوانکاری و ڕەوشتییەکانی لەپێناو بەدیهێنانی ئەرکەکانی وەکو مرۆڤێک (الحجلاوی،٢٠٠٩، ص32).

لەلای فەیلەسوفانیش پەروەردە جێگەی بایەخ بوە و هەندێکیان کتێبیان لە بارەوە داناوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

بۆ نمونە سوکرات یەکەم کەس بوە لە سۆنگەی بایەخ پێدان و گرنگی پێدان بە پەروەردە وتویەتی: (خۆت بناسە پێش هەمو شتێک). کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت پەروەردە بەلای سوکراتەوە گرێدانە لە نێوان زانین و چاکە (فضیلة).

بەلای پلاتۆنەوە پەروەردە بەشێک بوە لە بەشەکانی کۆمەڵناسی و پێیوایە ئێمە ناتوانین لە ڕێگەی یاساوە ماف بەدیبێنین بەڵکو دەتوانین لە ڕێگەی پەروەردەی کۆمەڵگاوە ڕێکخستنێک بۆ چینەکانی بەدیبێت. ئەرستۆش بایەخ پێدانی بۆ پەروەردە هەبوە و پێیوایە پەروەردە بناغەی خێزانە (حەمەد، ٢٠٠٥، ل٦).

بونی ڕەهەندی مێژویی یارمەتیدەرێکی باشی کۆمەڵگەیە بۆ بەرەو پێش چونی بواری ڕۆشنبیری و کاری پەروەردەیی، چونکە مرۆڤەکانی هەرسەردەمێک دەتوانن سود لە پێشبینیەکانیان وەربگرن بۆ دانانی نەخشەی کاروباری داهاتویان، هاوکات ئەو گرفت و کێشە جۆراوجۆرانەی ڕوبەڕوی کاری پەروەردەیی ئەوان بۆتەوە، دەکرێت بۆ ئێستا و ئایندە بەسودبن و پەروەردە بەهەمان ڕێچکەی ئەو کێشانە نەڕوات کە پێشینانمان بە دەستیانەوە گیرۆدە بون. بێگومان هەرگیز پەروەردە لە کۆمەڵگە دانەبڕاوە. ئەم پەروەردەیە هەرچۆنێک بوبێت، ڕاست یا هەڵە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەو پەروەردەیەی ئێستا هەمانە، ڕیشەیەکی مێژویی هەیە (ئالانی، ٢٠١٩، ل٢٨).

بۆیە خوێندنەوەمان بۆ مێژوی پەروەردە کە هەر سەردەم و کاتێک مەبەستی پەروەردە بەگوێرەی پێویستی کات و سەردەمەکە گۆڕاوە. و لەسەر یەک بازنە نەماوەتەوە. هەڵبەت بەهۆی کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەوە بوە کە لەناو کۆمەڵگاکاندا لە سەردەمە جیاوازەکاندا ڕویانداوە. ئەمەش کارێکی وایکردوە پەروەردە نەچێتە پەراوێزی مێژووەوە بەردەوامی بەخۆی داوەو تا ئێستا هاتوە (هەورامی، ٢٠٠٨، ل٤٠٤). بۆ نمونە لە سەدەکانی کۆندا ئامانجی پەروەردەو فێرکردن بە کۆمەلایەتیکردنی تاکەکان و گونجاندنیان بوە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر و گواستنەوەی کەلتوری شارستانییەتەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ڕۆڵی لەمێژینەی پەروەردەو فێرکردن بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانی بەسەردا هات (کۆمەڵێ نوسەر، ٢٠٠٥، ل28).

کاریگەرییەکانی مێژو لەسەر پەروەردە، وایکردوە تەنانەت هەر سەردەمەو ڕوانینێکی تایبەت بە خۆی بۆ پەروەردە دروست کردبێت و کاریگەری لەسەر توێژەران و توێژینەوە و نوسینەکانیان دانابێت، هەر زانایەک یاخود توێژەرێک ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکیان کردبێت دەربارەی پەروەردە، ئەوا بەپێی ئەو سەردەمەو ئەو کۆمەڵگیەی تێیدا ژیاوە پێناسەی بۆ پەروەردە کردوە، واتە تێگەیشتن لە پەروەردە لەلایەن تاکە کەسەوە لەژێر کاریگەری و پەسەندی ئەو دابونەریتە دایە کە لەو کۆمەڵگەیەدا هەیە (حەمە، ٢٠٠٥، ل٥). بۆ نمونە مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی سادەو ساکاردا، ژیانێکی ساکاری بردۆتە سەر، خواست و داواکاریشی کەم و سنوردار بوە. ئەوەی لە پرۆسەی پەروەردەی ئەو سەردەم و کۆمەڵگایەدا دیار بوە. تەنها ئەوە بوە کە ڕۆڵەکانیان ڕابهێن و فێریان بکەن کە لاسایی گەورەکانیان بکەنەوە لەو دابونەریتەی هەیان بوە. منداڵ بۆی نەبوە ڕەخنە لە گەورەکانی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

بگرێت و بپرسێت و یاخیبێت کرۆکی ئەو پەروەردەیە ڕاهێنانێکی پلەدارانەی لاسییکردنەوە بوە (ئالانی، ٢٠١٩، ل٢٩). کەواتە پەروەردە لە هەمو سەردەمێکدا گرنگی خۆی هەبوە، و گرنگیەکەی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و تەنانەت لەناو کۆمەڵگاکانیشدا گرنگی پێدانی جیاواز بوە. مانەوەو بەردەوام بونی هەرکۆمەڵگەیەک پشت دەبەستێت بە بەردەوامبونی ژیانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەڕوی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتیەوە. پەروەردەش ئامرازو بەدیهێنەری ئەم پرۆسەیەیە. چونکە گەر تاکەکەس بنەماو پێکهێنەری کۆمەڵگا بێت، ئەوا پەروەردە ئەو لە بونەوەرێکی بایۆلۆجیەوە دەگۆرێت بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و ئاوێتەی کەلتوری کۆمەڵایەتی دەکات. هەر پەروەردەشە شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵگاو کلتورەکەی دیاریدەکات، ئەمیش لەڕێی چاندنی خوونەریت و ئاڕاستە جیاوازەکان لە ناخی تاکەکاندا (محەمە، ٢٠٠٨، ل٤٠٥).

بەم جۆرە پەوەردە وەکو سیستەم، ڕەنگدانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئەو پەیوەندیانەیە کە لە کۆمەڵگەدا هەن لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە هۆکاری گۆڕینی ئەو کۆمەڵگایەشە (کۆمەڵێ نوسەر، ٢٠٠٥، ل٣٩).

لێرەوە دەتوانین بڵێین پەروەردە پرۆسەیەکی هەمەکی و هەندەکییە، تاک و کۆمەڵ لەخۆدەگرێت و دەیان کاتە بابەتی سەرەکی و ئاڕاستەیان دەکات بەرەو گەشەپێدانی جەستەیی و ژیری و سۆزداری و کۆمەڵایەتی سەرەرای پێکهێنان و دروستکردنی شارەزایی و لێزانی و پێدانی بەهاو خونەریت و هەڵسوکەوتی مرۆیانە، بەجۆرێک کە ئەو تاکە بتوانێت پەرە بەم لایەنە بدات و لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی چالاکی پەیوەست بە ژیانەوە گرێبدات لە هەمو روە جیاوازەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، هەروەها بتوانێت گونجاندنێک دروست بکات لەگەڵ هەڵوێستە گۆڕاوەکانی ژیانی ئێستای کۆمەڵگا، لێرەوە تاک دەبێتە وەڵامدەرەوەی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیانەی پێیدەدرێت، هەست بە هەڵبژاردنەکانی تاکێتی بە کۆمەڵبون دەکات. و ئەو توانایەشی بۆ دەرەخسێت کە بەپێی خواستی داواکارییەکانی کۆمەڵ کاروچالاکیەکانی ئەنجام بدات. بەمەش پەروەردە دەبێتە پێکهێنەرێکی داهێنەرانەی کەسانی بەتوانا و لێهاتو بۆ خودی خۆی و کۆمەڵگەکەی (محەمەد، ٢٠٠٨، ل٣٤-٣٥).

## باسی دوەم: هونەر و پەروەردە و پەیوەندییەکانی

### أ- هونەر و پەیوەندییەکانی

بابەتی هونەر، بابەتێکی داخراو و دۆگما نییە بەڵکو پەیوەندیدارە بەزۆر بواری ژیانەوە لەوانەش:

گرنگی هونەر بۆ ژیان بەگشتی بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی پێگەو ڕۆڵی خۆی هەیە لە ڕێکخستنی ڕەفتارو جوڵەی تاکەکان و ڕاهێنان لەسەر گوێڕایەڵی و ملکچبون بۆ یاساکان و سیستەمەکانی ژیان بەتایبەتی سیستەمی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان. بێگومان لەناو هونەردا زیاتر باس لە گرنگی و کاریگەری مۆسیقا دەکرێت لەسەر دەرون و ئاکار و جوڵەی تاکەکانی کۆمەڵگا. زۆربەی فەیلەسوفان کۆکن لەسەر ئەوەی ((مرۆڤ خاوەن دەرونێکی پاک و بێگەردە)) واتە بە سروشتی خۆی ((چاکە خوازە))، بەڵام تێکەڵبون و پەیوەندی بەجیهانی دەرەوەی خۆی بەتایبەتی ((جیهانی مادی و کۆمەڵایەتی)) چەندین حەز و خواست و ئارەزو لە ناخی و دەرونی دروست دەکات،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

بۆیە گەر مرۆڤ لەم پەیوەندییەی بەردەوام بو بێئەوەی جڵەوی بگرن، ئەوە سەر دەکێشێت بۆ دەرکەوتنی چەندین کێشەو گرفتی ژیانی کۆمەڵایەتی. (شحاته، بدون سنه الطبع، ص٩٣)

### ١- پەیوەندی هونەر و ئاین:

هونەرو ئایین وەک دو بواری پەروەردەیی گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە. لەو ڕووەوە کە هەردو (هونەر و ئاین) کە پەیوەستن بە ژیانی ڕۆحی و لایەنی مەعنەوی و ڕۆحی مرۆڤەوە، ئایا پەیوەندییەکی تایبەتی هەیە لە نێوانیاندا؟ لە بەرامبەریشدا هەڵەیەکی نارەوایە گەر بڵێین، هونەر دژی ئاینە؟ هەندێک لە جوانیناسەکان، بەتایبەتی ئایدیا لیستەکان، لە نێوان جیهانی هونەر و جیهانی ئاینیدا پەیوەندیەکی پتەو دادەنێن و باوەڕیان وایە کە سەدەی ئاین هەمیشە سەدەی گەورەی هونەریش دەبێت. لێرەدا دەبینین هاوبەشیەک هەیە لەنێوان ئاین و هونەردا ئەوەتا ئاین دەربڕی هەستی مرۆییە سەبارەت بە حەقیقەتی جیهان و شتەکان، هونەریش شتێکی جگە لەمە نییە. باوەڕی زانایانی ماددی جوانیناسی ڕالیستی وەهایە کە هونەر و ئاین و سیاسەت و ئاکار هەموویان لەو ئارەزوە مادییەکانی مرۆڤەوە سەریان هەڵداوە و ئامانجیان کە ژیانی ئێمە باشتر و ئاسودەتر بکەن. لەگەڵ ئەمانەشدا بەداخەوە بەزۆری لە سەدەی ئایندا، هونەر بەشێوەیەکی گشتی ڕووەو لەناوچون چوە و کەوتۆتە ژێر تیشکی ئاینیەوە و لە دەمارگرژی و بیرتەسکیەکانی ئایندا لە ڕەنج و عەزابدا بوە. (ڕەحیمی، ٢٠١٠، ل١٠٦).

### ٢-پەیوەندی هونەر و تەکنەلۆجیا:

بە تەماشاکردنی لێکەوتەکانی سەردەمی نوێ کە سەردەمی دونیای دیجیتاڵی و تەکنەلۆجیە، و ڕوویەکی مادی هەیە و لە بەرامبەردا هونەر دونیایەکی ڕۆحی مەجازیە هەست بە نەگونجانیان دەکەین ڕەهەندی هونەری ژیان بریتییە لەو تاکە ڕەهەندەی کە لە توانایدایە مرۆڤ تیایدا بگات بە بونی تاکێتی خۆی، لە هەردو ئاستی دەرەوە و ناوەوە. کاری هونەری بەرهەمهێنان و داهێنانەکەی دەربڕینی ئازادانەیە. بەڵام لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا یاخود کۆمەڵگەی تەکنەلۆجی بەهایەکی بازرگانی وەرگرتوە لەبری بەها داهێنەرانەکەی لەبەر ئەم هۆیە تاک کەوتۆتە ململانێیەکی بەردەوامەوە لەگەڵ پێوەر و بەها باوەکانەوە لە کۆمەڵگەدا. لەکۆمەڵگەی تەکنەلۆجیشا ڕۆشنبیری و هونەر خاڵی بونەتەوە لە حەقیقەتەکانیان بەها ڕۆشنبیری و هونەرییەکان گۆڕاوە بۆ بەهای بازرگانی و بەکاربەرانە، لەبەر ئەوەی لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا هەمو شتێک بەرگێکی بازاڕیانەی بەبەرداکراوە (بومینر، ٢٠١٠، ص١٢٣-١٢٤).

### ٣- پەیوەندی هونەر و ئاکار:

پێویستە هەر کارو چالاکیەکی مرۆڤ هەیە دەبێت کارێکی ئەخلاقی بێت ئەرکی هونەرمەندە کە هونەر چاکەکاریەک بێت لەبەرئەوەی بەرزمان دەکاتەوە بۆ ئاستێکی بەرزی دڵخۆشی (بل، ٢٠١٦، ص١٣٨) کۆنفۆشیۆس لەبارەی میوزیک وەکو یەکێک لە هونەرەکان و کاریگری بۆ ئاراستەکردنی مرۆڤ بۆ چاکەکاری دەڵێت "میوزیک تاکە ڕێگایە بۆ ڕێگرتن لەوەی مرۆڤەکان بکەونە ژێرکاریگەری جیهانی مادییەوە و بیگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

چاکە خوازانەی خۆی و ئاراستکردنی بەرەو واتاو نمونە ئەخلاقیە باڵاکانی ژیان، چونکە میوزیک هاوسەنگی دەرونی لە نێوان خواستەکان و ئارەزوی مرۆڤەکان دروست دەکات (شحاتە، بدون سنە ص٩٢).

### ٤- پەیوەندی هونەر و زانست

هزری مرۆیی و هەستکردنی بەردەوامی بەگرنگیدان بەدیاردەکانی چواردەوری دەیجوڵێنێ . و خۆشەویستی زانین و درک پێکردنەکان دەیبزوێنێ، ئەو هەستکردنە زاڵەیە کە وایلێدەکات دۆزینەوەی زانستی گەورە بکات و ئیشی هونەری جوان بخوڵقێنێ. هەروەها هونەرمەند و زانا لە زۆرشتدا هاوبەشن یەکێک لەو شتانە کە هەردوکیان بە توندی شانازی بەسەر خۆیانەوە دەکەن، و هەردوکیان هاوبەشن لەوەی مێشکێکی دروستکەریان هەیە... زانست و هونەر دو بواری چالاکی زهنی مرۆیین.. یەکێک لەو شتانەی کە مرۆڤ پێی جیادەکرێتەوە بریتییە کە دروستکراوێکی داهێنەرە، دەسهێنانیش مانای داهێنان و هێنانەکایەی شتی نوێیە لە مەیدانی (هونەر و زانست)دا (علی، ٢٠١٠، ص٤٧).

### ٥- پەیوەندی هونەر و دەرونزانی

لایەنگرانی تیۆری سایکۆلۆجی لە هونەردا پێیانوایە داهێنانی هونەری بلیسەیەکی خوایی یا سروشتێک نییە لە ئاسمانەوە دابەزی بێت بۆ هونەرمەند هەروەها لایەنگری ئەوە نین کە هۆش، بنەڕەتی پرۆسەی داهێنان بێت. وای نابینین کە ئەم کردارە ملکەچی کاریگەری سۆسیۆلۆجیا بێت فرۆید بنەڕەتی ئەمەی لە لاشعوری کەسیدا دەبینێتەوە و دەیبەستێتەوە. (محمد، ١٩٨٥، ص٨٢). لێرەوە دەبینین فرۆید بابەتی داهێنانی هونەری دەبەستێتەوە بەلایەنی دەرونی و لاشعوری هونەرمەندەوە. لایەنگرانی قوتابخانەی شیکاری دەرونی و لەسەروی هەموویانەوە (فرۆید) کاری هونەری لە شارەزایی کەس دەیباتەوە دەرەوە و هەوڵدەدەن کە ئەوەمان لاجێگیر بکەن کە کاری هونەری هۆیەکە بۆ دەربڕینی ئارەزوە سێکسیەکان (عبدە، ١٩٩٩، ص٣٢-٣٣).

### ٦- پەیوەندی هونەر و سروشت

کاری هونەری بونێکی دیاری هەست پێکراوی ڕاستەقینەی هەیە، لە شوێنێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت.. هەندێک لە زانایانی ئیستتیک پێیانوایە ڕەگ و ڕیشەی هونەر بەستراوەتەوە بەناخی سروشتەوە. (ابراهیم، بدون سنة، ص٤٢).

## ب- پەروەردە و پەیوەندییەکانی

### ١- پەروەردە و کۆمەڵگا:

لەبەرئەوەی هەردو زانستی پەروەردە و زانستی کۆمەڵناسی بواری کارکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان مرۆڤ و کۆمەڵگەیە، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەم دو زانستە نزکترین و بەهێزترین پەیوەندیان لە نێواندا هەیە. چونکە ئەگەر کۆمەڵناسی لە کۆمەڵگە و دیاردەکانی و گەشەکردنەکانی و کاریگەرییەکانی ژینگە لەسەر ئەو گەشەکردنە و دامەزراوەکانی بکۆڵێتەوە، ئەوا دیاردە هەر ئەوەش وایکردوە لەسەدەی ڕابردو زانستێکی لێپەیدابێت بە ناوی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

(زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی)، ئەم زانستە کۆکەرەوەی پەیوەندییەکانی بواری کارکردنی کۆمەڵناسییە بە پەروەردەوە. پەروەردە هەوڵ دەدات بۆگونجاندنی تاکەکان بە کۆمەڵگەکەیان ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە کۆمەڵگەش پێویستی بەپەروەردەیە(عزیز، ٢٠٢٠، ل٤٢).

لێرەوە ئەوە ڕون دەبێتەوە پەروەردە سەرەڕای ئەوەی بریتییە لە پرۆسەیەکی جێبەجێکردن، بەڵام پێکهاتەیەکی ڕونی ئاسۆیی سنوردارنییە، بەپێی پێویست ناتوانێت هیچ شتێک بێت، جگە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی (عەلی، ٢٠٢٠، ل٣١).

کەواتە پەروەردە لە نێوەندێکی یا ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا نەبێت دەرئەنجامی نابێت، مرۆڤیش ناتوانێت خودێتی مرۆییانەی بەدیهێنێت گەر لە نێوەندێکی کۆمەڵایەتیدا نەبێت، دەروازەی ڕاستەقینە بۆ تێگەیشتن لەم پرۆسەیە پێویستە لە گۆشەنیگای تاک و کۆمەڵ و ئەو ژینگەیەوە بێت کە لە یەکەیەکی کارلێک و تەواوکاردانە، ئەم هۆکارانەش سیستم و بەها و خوونەریت و پەیوەندییەکان دادەمەزرێنن، ئەمانیش سەرجەم دەبنە پێکهێنەری کۆمەڵ و شێوازی ژیان. لەو کاتەدا پەروەردە بنەماکانی خۆی لە کۆمەڵەوە وەردەگرێت ئەوا ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەبێت کە ئامانجی گۆرینی تاکە لەم کۆمەڵگەیەدا (محەمەد، ٢٠٠٨، ل٧١).

بەم جۆرە سیستەمی پەروەردە فێرکردن، وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەدامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە وەک ئابوری، کەلتور، ئایین و سیاسەتەوە هەیە، هەمو کاتێکیش لە حاڵەتی گۆڕان دایە. بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی بگونجێنێ (ئەکبەر، ٢٠٠٥، ل٣٨).

ئەم پەیوەندیەش لە یەکەم بازنەی کۆمەڵایەتی کە خێزانە دەردەکەوێت، کە لە هەمان کاتدا یەکەم بازنەی پەروەردەییە و لە ڕێگەی دایک و باوکانەوە کاریگەری جێدەهێڵێت لەسەر ئاراستەکردنی نەوەکان. جگە لە کاریگەری خێزان، قوتابخانە و گروپی هاوڕێیەتی کاریگەری هەیە لەسەر پەروەردە کۆمەڵایەتیانەی تاک (رحمة، الشماس، ٢٠١٣-٢٠١٤، ص١٥٨).

لێرەدا دو ئەرکی سەرەکی پەروەردە بە دیاردەکەوێت، ئەوانیش وەزیفەی کۆمەڵایەتی و وەزیفەیەکی ئاکاری، لە وەزیفەی یەکەمدا پەیامی پەروەردە ڕێبەری و چاوساغی کردنە لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە و وشیارکردنەوەی کۆمەڵە. لەم ئەرکەدا نەوەکانی داهاتو وا لێدەکات چاکەکاربن و بەشداربن لە ژیانی کۆمەڵگە و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانیدا (سلطان، ١٩٨٤، ص٥٨)

لە سەدەی (١٩) نوزدە بە دواوە، چەمکی پەروەردە لەوە تێپەڕی کە تەنها مەبەست لێی فێرکردن بێت. زیاتر بەرەو ئەوە چو کە مەبەست لە گەیاندنی دابونەریتی چینە بەرزەکان بێت. ئەمەش بەمانای ئەوەی تاک لەسەر ئەو ڕێورەسمە کۆمەڵایەتیانە پەروەردە بکرێت کە لە ناو خێزانە خانەدانەکاندا هەبون و کۆمەڵێ پرنسیپی مامەڵێ ڕێزدارانەبو لە نێوان ئەندامانی خێزانێکی پلەبڵند و ڕاقی یاخود لەگەڵ کەسانی تر بەکاردەهێنران (الحجلاوی، ٢٠٠٩، ص١٨).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

لێرەدا دەگەین بەوەی کە پەروەردەی کۆمەڵایەتی وەک بەرهەمی پەیوەندی نێوان پەروەردە و کۆمەڵگە، پەیوەستە بە کۆمەڵگە و ڕۆشنبیریەکەی و تایبەتمەندیەکانیەوە. ئەندامانی کۆمەڵگە بەهۆیەوە منداڵەکان یاخود لاوەکان، پێدەگەیەنێت لەسەر ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکە (رحمة، د.الشماس، ٢٠١٣-٢٠١٤، ص١٤٧).

## پ- پەروەردە و ئاکار

لە بابەتی پەیوەندی پەروەردە بە ئاکارەوە یاخود لە پەیوەندی نێوان هەردو چەمکی پەروەردە و ئاکار دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ پێناسەیەکی ئەفلاتون کە بۆ پەروەردە کردویەتی، لەوێدا پێیوایە؛ (پەروەردە ڕاهێنانی فیترەتی منداڵ لەسەر چاکەخوازی لە ڕێگەی وەرگرتنی دابونەریتە شیاو و گونجاوەکانەوە) (عزیز، ٢٠٢٠، ل٣٢).

لێرەوە هەست بەوە دەکەین، کە پەروەردە ئەرکی بنەڕەتی بریتیە لە ڕاهێنانی تاک لەسەر چاکەخوازی کە کۆڵەکەی بنەڕەتی ئاکارە. یەکێک لە ئامانجەکانی پەروەردە بریتییە لە دروستکردنی کەسیەتیەکی خاوەن ڕەوشت بەرز، بەپێی ئەو نمونە باڵایانەی سەبارەت بە ئاکاری جوان و پەسەندکراوی نێو کۆمەڵن و ئەو هەڵسوکەوتانەی کە کۆمەڵگا بە باشیان دەزانێت (محەمەد، ٢٠٠٨، ل٥٩). کەواتە پرسی فێرکاری ئاکاری یاخود پەروەردەی ئاکاری پرسێکە ناکرێ نادیدە بگیرێ کاتێک لە بنەڕەت و پرۆگرامەکانی پەروەردە دەتوێژینەوە. ئەم گرنگیەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە هەر شارستانیەک یا هەر کۆمەڵێک توشی داڕوخانی ئاکار هات ئەوا لەرزۆک بوە (لوبون، ٢٠١٥، ص١١٨ ).

## ت- پەروەردەو ئابوری

لەسەرەتادا پەیوەندی نێوان پەروەردە و ئابوری پەیوەندیەکی هاوسەنگ نەبو. ڕەگەزی ئابوریانە لە پرۆسەی پەروەردەییدا نەبوە یاخود دیار نەبوە. بەڵام لە ئێستادا ئەمە جیاوازە جاران پەروەردە بارێکی قورس بوە بەسەر ئابورییەوە بەڵام لە ئێستادا پەروەردە بۆخۆی جۆرێکە لە پرۆسەیەکی ئابوریانە. بۆیە بنەمای ئابوری لەبواری پەروەردەدا زیاتر لە هەر بوارێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە. لە ئێستادا سێکتەری پەروەردەی وڵاتان بە داهاتێکی نەبراوەی ئابوری دادەنرێت. بوەتە بوارێک کە بۆ وەبەرهێنان گەورەترین سامان بۆ خەزێنەی وڵات کێش دەکات (عزیز، ٢٠٢٠، ل٤٥).

پرۆسەی پەروەردە چەندین بنەمای ئابوریانەی هەیە لەسەرەتادا بە هۆی ئەو دەرئەنجامە ئابوریانەی هاتنە نێو ئەم کایەوە گۆڕانکاری بەسەر دید و بۆچونەدا هێنا کە پەروەردەی دادەنا بەگەشەدان و پەرەسەندنی ژیریی و ڕەوشت، کە لە ئیستادا ئەم بۆچونە بوە بە: پەروەردە بنەمایەکی بنەڕەتییە بۆ گەشەکردنی ئابوری و کەڵەکەبونی سامان و پێشکەوتن لە ڕێگەی زیادبونی سەرمایەی مرۆییانە)، ئەمەش لە خۆیدا ڕەهەنێکی ئابوریانەی بەخشیوەتە پرۆسەی پەروەردەی خستەڕو (محەمەد، ٢٠٠٨، ل٧٤-٧٥). نمونەی ئەم گەشەکردنە لە وڵاتی چیندا بە ئاشکرا دەبینرێت. لەبەرئەوەی وەبەرهێنانی لەە پەروەردەی تاکەکانیدا کردوە، سامانی مرۆیی هەیە بۆ هەر پیشە و کارێک پێویست بێت، ئەمەش دەریخستوە کە لە ئێستادا زۆری کانزای سروشتی و سامانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری نابنە هۆی دەوڵەمەندی وڵات و پێشکەوتنی، تاکو سامانی مرۆیی لە عەقڵ و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

تەکنەلۆژیا وزانیاری و مەعریفەی سەردەم دروست دەبێت بۆ خستنەگەڕی ئەو سامانە (عزیز، ٢٠٢٠، ل٤٦). کەواتە دەتوانین بڵێین پەروەردە تەنها ڕێگەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەم شارەزایی و لێزانییە هەر بۆیە دەبینین ئامادەکردن و ڕاهێنانی هێزی کار بۆتە مەرجێکی پێویست لە پرۆسەی گەشەکردن و پەرەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی (محەمەد، ٢٠٠٨، ل٥٧). ئەمانەش لەلایەکەوە پەیوەندی نێوان پەروەردە و ئابوری دەردەخات لە لایەکی تریشەوە کاریگەری پەروەردە بەسەر سێکتەری ئابوری دەسەلمێنێت.

## باسی سێیەم: کاریگەری پەیوەندی هونەرو پەروەردە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن

بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان پەروەردە و هونەر بە دوای چەند وەڵامێک بۆ چەند پرسیارێک دەگەڕێین تا بزانین بەرهەم و گرنگی ئەو پەیوەندییە چین؟

پەروەردەکاران لە پرۆسەی پەروەردەکردن و فێرکردندا پەنا بۆ هەمو شێوازێکی گونجاو دەبەن تا ئەوانەی پەروەردە دەکرێن بە باشترین شێوە و بە کەمترین کات و هەوڵدان بە ئامانجەکەیان بگەن. و سەرنجی ئەو کەسە ڕابکێشن کە دەیانەوێت فێری کارامەییەک یان مەعریفەیەکی بکەن.

ئەوەی لە مێژوی پەروەردەدا دەبینرێت لق و ڕەگەزە هونەرییەکانە وەکو (نواندن)، لە مێژودا وادانراوە نواندن باشترین شێوازی گونجاوە کە مامۆستا و پەروەردەکاری باش بەکاری هێنابێت لە بارەیەشەوە پەروەردەکار پێویستە باشترین نواندن و جوڵەو ڕەفتار بکات و شارەزایی تەواوی لەو بوارەدا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت پەیامەکەی بە کەمترین ماوەی تێچون بگەیەنێت (قادر، ٢٠٢٠، ل٣٥). لێرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە پەروەردە پەنای بردۆتە بەر یەکێک لە بابەتەکان کە لقەکانی هونەر (نواندن)ە. جگە لە بواری نواندن لقەکانی تری هونەریش سودی لێوەرگیراوە لە پرۆسەی فێرکردندا، وەکو شعرو سرود و وێنە کێشان و...... هتد.

ئەفلاتون یەکەم کەس بوە کە گرنگی بەو بوارە داوە، مۆسیقای وەک و هۆکارێکی فێرکردن داناوە. ئەمەش لە کتێبی سێیەمی کۆماردا بە ڕونی بەرجەستە بوە، لەبەرئەوەی پێیوابوە هونەر هێزی لەسەر هەست و خەیاڵ هەیە (عبدالقادر، ٢٠١٥-٢٠١٦، ص١٦٠). هەروەها دەبینین کۆمنیۆس کە یەکێکە لە پەروەردەکارە کۆنەکان پێیوایە زانست لە (٣) سێ ڕێگەوە بە دەست دەهێنرێت ئەوانیش، ڕێگەی هەستەکان و ڕێگای زەین و توانا هۆشەکیەکانەوە لەگەڵ ئیلهام و بینینەوە لێرەدا دەبینین کە چ لە ڕێگەی هەستەکان و چ لەڕێگەی بینین دەچنە خانەی هونەر و لقەکانی هونەرەوە. کۆمنیۆس فێرکردن لە قۆناغی یەکەمدا دەبەستێتەوە بە سرود و وەرزش و یاریەوە (کۆمەڵێ نوسەر، ٢٠٠٥، ل١٠٦).

بۆیە بەمجۆرە گرنگیدانی پەروەردە بە هونەر لە کۆن و نوێدا پەیوەندیدارە بە کاریگەری خودی هونەر کە بریتییە لە دروستکردنی شتێکی جوان، ئەمیش لەو کاتەدا هەستی پێدەکەین، کە هونەرمەند وەک دروستکەری کاری هونەری کەرەستەکان کۆدەکاتەوە و بەڕێگەیەکی جوان، شێوەیەکی جوانی لێبەرهەم دەهێنێت (رحمة، الشماس، ٢٠١٣-٢٠١٤، ص١٢٠).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

بەهەمان شێوە پەروەردەکاران هونەر وەک ڕێگایەکی گرنگە لە پرۆسەی پەروەردەکردن و فێرکردنی کەسەکان پەنای بۆ بەرن وەک چۆن هونەرمەند لە کەرەستەکانی بەردەستی کارێکی جوان بەرهەم دەهێنێت پێویستە مامۆستایان و پەروەردەکارانیش لەڕێگەی هونەرەوە ئەو ڕۆڵە ببینن.

هەر لە بابەتی گرنگی هونەر و ڕۆڵی لە پەروەردەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕۆڵی هونەر لە پەروەردەدا کەمترنییە لە ڕۆڵی زانست و مەعریفە لە پرۆگرامە ناسراوەکاندا (الالوسی، ٢٠٠٨، ص٣٤١). لەم ڕووەشەوە نابێت گرنگی هونەرمەند بەکەم بگرین کە داهێنانە هونەرییەکانی ئەم گرنگیەی بەخشیوە. هەندێک لە پەروەردەکاران داوا دەکەن بە گرنگیدان بە ڕۆشنبیری و هونەری و سەردانی پێشەنگا و مۆزەخانەکان کە بەرهەمی ئەو هونەرمەندانەی تێدا نمایش کراوە (العامری، ٢٠١٤-٢٠١٥، ص٢٢٣).

سەرەڕای بونی کاری هونەری لە تابلۆکاندا کە ئێستا نمایش دەکرێن، لە مێژودا نوسینی سەر تابلۆ کۆنەکانی مێژوی مرۆڤایەتی کە مێژوی شارستانیەتی مرۆڤمان بۆ دەگێرنەوە و لە هەمانکاتدا جۆری نوسینەکانیش (هیرۆگلۆفین، بزماری ....) جۆرێک لە هێما و تابلۆی هونەرین لە ڕێگەیانەوە تەعبیریان لە پیت و دەنگەکان کردوە. سروتە ئاینییەکانیش هەر لە ڕێگەی کاری هونەریەوە ئەنجام دراون وەکو ئەو ئاوازو ڕیتم و مۆسیقا و ڕەوانبێژیەی لەڕێگەیانەوە تەعبیریان لێکراوە. لێرەوە دەبینین هربرت رید دەڵێ: دەبێت بەوپەڕی ئازادیەوە دان بەوە دابنێین کە هونەر باشترین ڕێگەیە بۆ تەعبیرکردن کە ڕەگەزی مرۆڤ پێگەیشتوە. پێیوایە هەرگیز نەدەگەیشتن بە تێگەیشتنن لە جنسی مرۆیی و مێژوەکەی تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بە گرنگی و ئەو مەعریفەیەدا تێپەڕنەبین کە هونەر بەجەستەی دەکات (الالوسی، ٢٠٠٨، ص٣٤٢). لێرەوە دەگەین بەو ڕاستیەی کە ناتوانین وا بیر بکەینەوە کە ئیتر شوێنی هونەر مۆزەخانە و هۆڵی پێشەنگاکان بێت بە تەنها، بەڵکو شوێنی هونەر ناو بواری ژیانە بەگشتی (عبدالقادر، ٢٠١٥-٢٠١٦، ص١٦).

کۆمەڵێک ڕێگەو شێواز هەیە کە لە چوارچێوەی هونەردان و وەکو هۆکارێکی فێرکاری و پەروەردەی سودی لێوەردەگیرێت. لەوانەش تابلۆی فێرکاری و پەیکەر و نمونەی دروستکراو و وێنەی جوڵاوە و کە لە ڕێگەی سینەما و تەلەفزیۆنەوە دەخرێتەڕو بۆ فێرخوازان، ئەمە جگە لە وێنەی وەستاوی فۆتۆگرافەری و وێنەو دیمەنەکان کە لە ڕێگەی تەختەی ڕوناکی (الصبورة الضوئية) نیشان دەدرێت (عبدالقادر، ٢٠١٥-٢٠١٦، ص٢٦). کەواتە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی هونەر ئەرکێکی پەروەردەیی هەیە، چونکە هۆکارێکە بۆ بەرەو پێشچون (ابوريان، ٢٠١٠، ص١٨).

گرنگترین هۆکارە فێرکارییە گرنگەکان دەژمێردرێت کە بەکاردەهێنرێن وەکو هۆکاری ڕونکردنەوە لە کاتی هەڵسان بە فێرکردنی فێرخوازان سەرنجیان ڕادەکێشێ و کاریگەرە لەسەر حەزی فێربونیان و چارەسەری وشکی فێرکردن، و هۆکارە بۆ باشتر هەستکردنیان بەماناکان و ئاسانی تێگەیشتنیان لە قۆناغەکانی فێرکرندا. لەو هۆکارانەش کە لە بازنەی هونەر و جۆرەکانیدا جێگەیان بۆتەوە، بریتین لە (تابلۆکاریەکان، وێنەکان، نواندن و شانۆگەریەکان و سینەما و تەلەفزیۆن و پێشانگا و مۆزەخانەکان (فهيم، ٢٠٠٤، ص٣٤).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

لەبەرامبەردا هونەر گرنگە لە پرۆسەی پەروەردەدا، هونەریش لە پێناو بەرەو پێشچون و گەشەکرنیدا سودی لە پەروەردە وەرگرتوە. ئەمیش دەرخەری ئەوەیە کە هەردو لایەنی پەروەردە و هونەر کاریگەریان بەسەر یەکەوە هەیە، وەک دەبینین لە دەرئەنجامی ئەو پەیوەندی و کاریگەریان بەسەر یەکترەوە بابەتێکی نوێ دێتە کایەوە ئەویش (پەروەردەی هونەری)یە. لەم ڕێگەیەشەوە پەروەردە کاریگەری لەسەر هونەر داناوە، بەبێ بونی پەروەردەی هونەر هونەر هەرگیز ئاوها ژمارەی هونەرمەندانی تایبەتمەند زیادیان نەدەکرد کە بنیادنانی شوێنەواری شارستانی مرۆڤایەتی کەوتوتە سەرشانیان. ئەمە جگە لەوەی کاریگەریەکەی لە بەرزکردنەوەی ئاستی چێژی هونەری لەلای ژمارەیەکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگە دەرکەوتوە. پەروەردەی جوانناسی یان هونەری، ئامانج لێی تێگەیشتنی هونەرەکان و چێژ لێبینینە. سەرەڕای ئەوەی کاردەکات لە پێناو ئاشکراکردنی مەیلی تاک و گرنگی پێدانەکانی و کارامەییە هونەرییەکانی و گەشەپێدانی لەڕێگەی پرۆسەی پەروەردەوە. (جۆن دیوی) لەم ڕوەوە، بەبەخشینی گرنگیەکی تایبەتی بە چێژی هونەری بۆ پەروەردە دەیەوێت تیشک بخاتە سەر گرنگی وشیاری جوانناسی(جیدوری، ٢٠١٠، ص١١٦).

**زاراوەی پەروەردەی هونەری**: پێکدێت لە دو وشەی (هونەر و پەروەردە) یاخود پەروەردە لەمیانەی هونەرەوە. پەروەردەی هونەری بەیەکێک لە جۆرەکانی پەروەردە دەناسرێت کە لە بوارە جیاوازەکانی هونەر پێکدێت وەکو وێنە و وێنەگرتن و پەیکەرسازی و دیزاین کە ئامانج لێی پەروەردەکردنە بە هۆی هونەرەکانەوە (العامری، ٢٠١٤-٢٠١٥، ص٢٢٥).

بەڵام سەبارەت بەچەمکی پەروەردەی هونەر بە زۆر قۆناغدا تێپەریوە تا گەیشتوە بەوەی ئێستا سەرەتا هونەر و پەروەردە وەک دو چەمکی جیا و نزیک لە یەک ئەم ئەرکەیان پێسپێردراوە لە دواتردا لە ئاوێتە بونی هەردو چەمکەکە (پەروەردەی هونەری) وەکو چەمک و زاراوەیەکی سەربەخۆ دێتە کایەوە و دەبێتە جۆرێکی تایبەت لە فەلسەفەی پەروەردە. کە ئەرکی گۆڕینی سلوکی فێرخواز بەهۆی مەشقی فێرخوازەکان بەوەی کە سودیان پێدەگەیەنێت، چ لە شارەزایی و دابونەریت و دەوڵەمەندکردنیان بە زانیاری و چەمکەکان و بەدەسهێنانی مەیل و ئاراستەکانیان لە ڕێگەی مومارەسەی هونەر و بەکاربردنی مادده خامەکانی ژینگە لە بەرهەمهێنانی کارە هونەرییەکان (عبدالقادر، ٢٠١٥-٢٠١٦، ص١٩). لێرەوە دەبینین کە پەروەردەی هونەری لە بەرامبەر چەندین ڕەوت و ئاراستەدا دەوەستێت و وێنەی پەروەردەی هونەری هاوچەرخ دروست دەکات، کەبەرهەمی ئەو شارەزاییە کەڵەکەبوەی کە قۆناغەکانی پەروەردەی هونەری پێیدا تێپەربوە، بۆ پێکهێنانی بنەما جێگیرەکان لەوبوارەدا (العامری، ٢٠١٥، ص٢٢٣).

کەواتە دەتوانین بڵێین پەروەردەی هونەری، ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێرێ لە پلانی ڕابونی پراکتیکی فێرکردن. ئەمیش لە میانەی گەشەپێدانی فێرخواز وەک تاکێک و ئەندامێکی پۆزەتیڤ لە کۆمەڵگەدا، پەروەردەی هونەری کاردەکاتە لەسەر فراوانکردنی ڕۆشنبیری فێرخواز و گەشەپێدانی تواناکانی لەسەر تەعبیرکردن و بەشداری لە بەدیهێنانی (تەواوکاری-تكامل) لە پێکهاتەی هۆشی و دەرونی و کۆمەڵایەتی (عبدالقادر، ٢٠١٥-٢٠١٦، ص٣٩).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

لەم جۆرە پەروەردەیەدا پەروەردەکار پەنادەباتە بەر گرنگیدان بە مامەڵەکردن لەگەڵ فێرخوازەکانی لەسەر ڕێزگرتنی کەسایەتیان و دروستکردنی کەشێکی دەرونی باش و سەرنج ڕاکێش، ئەمەش لای فتورینۆ دافلتر، کە پەروەردەکارێکی ئیتاڵی بو بەکارهاتوە. ئەم پەروەردەکارە پێیوابوە کە دەتوانرێ هاووڵاتی باش والیێبکرێ لەسەر ئەرک و بەپرسیاریەکانی ڕابهێنرێ لە ڕێگەی فێرکردنی ئازاد و خوێندنی هونەرە ئازادەکانە و زمان و دابونەریتە کلاسیکیەکانەوە وەکو، ئەدەب و مێژو، فەلسەفە، وتاربێژی، شیعر، مۆسیقا، لۆجیک کە ئەمانە بەشێکی گەورەی پرۆگرامی خوێندگەی فتورینۆی داگیرکردبو (الشیبانی، ١٩٨٧، ص٨٧).

بۆیە پەروەردەی جوانی و هونەری بە پرۆسەیەکی پەروەردەیی دادەنرێت، کە هەوڵدەدات بۆ گەشەپێدانی هەستکردن بە جوانی و درکپێکردنی و چێژلێوەرگرتن و ئارەزوکردنی، و هەروەها گەشەپێدانی توانا هونەرییەکان و داهێنانی هونەری و بەهای جوانی و هونەری. لەڕێگەی پەروەردەی جوانی و هونەر، مرۆڤ دڵخۆش دەبێت، هەست بە ئاسودەیی دەکات، لەبەرئەوە جوانی (کە کرۆکی هونەر و کاری هونەریە) لەڕابردو و ئێستاشدا جێگەی بایەخ و گرنگی و ڕێز بوە. ئەم بایەخ و گرنگە پێدانەش لە پاشماوەی شارستانی و هونەری کۆنی مرۆڤایەتیدا دەردەکەوێت، ئەمە جگە لەوەی ئەم گرنگیە لە وتەی بیرمەندە گەورەکانیشدا دەردەکەوێت کە دەربارەی جوانی و هونەر و پەیوەندییان بە مرۆڤەوە وتراوە. نمونە سوکرات وتویەتی: "قسەی شیرین و جوان، لە عەقڵی بەرزەوە ڕێکوپێکەوە دێت"، جان جاک ڕۆسۆش لەم ڕوە وتویەتی" ئەگەر هەر یەکێکمان بتوانێ خۆشەویستی جوانی لە دڵمان دابماڵین، ئەوا لە چاوماندا هیچ سعرێک نامێنیتەوە بۆ ژیان".

بە هەمان شێوە (شیلەر) بەرزیەکی زۆر بە هونەر دەبەخشێ کاتێک دەڵێ" دەستی هونەرمەندان بەهای مرۆڤ بەرز دەکەنەوە و گەورەیی دەخەنەڕو(رحمة، الشماس، ٢٠١٣-٢٠١٤، ص٢٠٥). ئەم گرنگیەی جوانی وەک ڕەگەزی سەرەکی جوانی و بایەخی لە ژیانی مرۆڤدا بایەخی پەروەردەی هونەری زیادکردوە. لێرەوە دەبینین زانای جوانناسی فەرەنسی ناودار (أتین سوریو) لە کتێبی داهاتوی ئیستاتیکادا دەڵێ" ناتوانین جوانی بە تایبەتمەندیەکی جیاکراوەی لە ئاکاری هونەری دابنێی، هەر وەکو چۆن ناتوانین کە ئەرکی هونەر تەنها لە بەرهەمی جوانیدا کورت بکەینەوە". لە ڕوانگەی (تۆلستۆی)یەوە کاری هونەری ڕاستەقینە ئەو بەرهەمە ڕاستگۆیانەیە کە هەمو بەربەست و جیاکاریەکانی نێوان خاوەنەکەی لەلایەک و ئەو کەسەی کە کارە هونەریەکەی ئاراستەکراوە لەلایەکیترەوە، لادەبات و تێکیاندەشکێنێ (ابراهیم، ١٩٨٨، ص١١٥).

بەم جۆرە دەرکەوت کە پەیوەندیەی نێوان مرۆڤ و جوانی هانی زۆر لە پەروەردەکارانی داوە بۆ گرنگیدان بە پەروەردەی جوانی یان هونەر. و داوا دەکەن چ لە ماڵەوە و چ لە قوتابخانە و لە ناو کۆمەڵ بەگشتی هەڵسن بە گرنگی پێدانی. (ڕۆسۆ) لە کتێبی (أمیل) دا دەڵێ: مەبەستی بنەڕەتی لە پەروەردەی (امیل) ئەوەیەکە فێری بکەم کە چۆن هەست بە جوانی بکات و خۆشیبوێت بە هەمو شێوەکانیەوە (رحمة، الشماش، ٢٠١٣-٢٠١٤، ص٢٠٥). کەواتە پەروەردەی هونەری لە بنەڕەتدا تەرکیزدەکاتە سەر گەشەپێدانی جوانی و داهێنانی تاک. خەسڵەتی داهێنان و نوێخوازی هونەری دەتوانرێت لەهەر جۆرە چالاکیەکی مرۆییدا ببینین، تەنها لای بلیمەت و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

پێگەیشتووەکان کورت نابێتەوە. بەڵکو هەمو ئەو چالاکیانەش دەگرێتەوە کە کەسانی ئاسایی پێی هەڵدەستن کە ڕەگەزی جوانیان تێدایە (الحيلة، ٢٠٠٨، ص٢١). پەروەردەی هونەری چەند ئەرکێک دەکەوێتە سەر شانی لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، کە دەتوانین وەکو گرنگی ئەم جۆرە لە پەروەردەدا ببینین، ئەوانیش فەراهەمکردنی شارەزایی هەستەکی و چالاکی هونەری یارمەتیدەرە لە پێناو زیاتر ڕونکردنەوەی زانیارییەکان. هەروەها تێرکردنی پاڵنەرە کۆمەڵایەتی لەڕێگەی چالاکی هونەری کە فێرخواز پەیڕەوی دەکات (عبدالقادر،٢٠١٥-٢٠١٦، ص٤٣). بایەخپێدانی پەروەردەی هونەری لە کۆندا وەکو پێویست نەبوە، گرنگیپێدان بە فێرکردنی هونەری و چاکسازیکردنی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی سیستەمی نوێی پەروردە و فێرکردن لە ساڵی ١٩٥٢ بە دواوە، ئەمیش بە کردنەوەی قوتابخانەی هونەری جۆراوجۆر کە کاریان دەکرد لەسەر ئامادەکردنی هێزی مرۆیی چالاکی پێویست بۆ گەشەپێدانی ئابوری نیشتیمانی و پیشەسازی کۆمەڵگە (شعبان، ١٩٨٤، ص١٥٦).

فێرکردنی هونەر بەشێوەیەکی ڕێکخراو وەک بەهرەی وێنەکێشان لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی دەست پێدەکات. ئەم فێرکرنەش زیاتر لە وڵاتی ئەمریکا لە چەند نمونەیەکدا بەرجەستە دەبێت. یەکێک لەو نمونانە ئەو کاتە بو کە خاوەن کارگەکان لەو وڵاتە داوایان لە حکومەتی ئەوکاتەی ئەمریکا کرد کە هونەری وێنەکێشان لە قوتابخانەکان بخوێندرێت و لە پرۆگرامی خوێندندا جێگەی بکرێتەوە. تاوەکو بتوانرێ پیشەسازی ناوخۆیی ململانێی پیشەسازی دەرەکی بکات.

لێرەوە هونەر دەبێتە پیشە و نەریتێکی گەلی. لەلایەکی ترەوە و بۆهەمان مەبەست کاتێک یەکێتی سۆڤیەت گەیشتە بۆشایی ئاسمان، کۆنگرێسی ئەمریکا داوایکرد پێداچونەوە بەسیستەمی پەروەردەدا بکرێ و پرۆگرامەکانی خوێندن چاکسازیان تێدا بکرێ. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەو زانست و زانیاریانە دەستنیشان کران کە پێویستە منداڵانی ئەمریکایی فێربکرێن. لەو نێوانەشدا وانەی هونەر یەکێک بو لەو وانانەی گرنگی تایبەتی پێدرا. بەوەش ئەو بڕوایە لای پەروەردەکاران دروست بو کە پەروەردەی هونەری هۆکارێکی پەروەردەیی گرنگە بۆ سەنگی کەسایەتی منداڵان(الحيلة، ٢٠٠٨، ص١٣٣).

لە میانەی تێڕوانین و وردبونەوەمان بۆ پەروەردە بە گشتی بایەخی پەروەردەی هونەرمان بۆ دەردەکەوێت لە ڕوانگەی ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاک بەرەو باشتر و پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ داهێنان، هەروەها گرەنتی گەشەپێدانی ناوازەی قوتابیانە لەمیانەو بەهۆی هونەرەوە (عبدالقادر، ٢٠١٥-٢٠١٦، ص٤٣).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

## ئەنجام:

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١- پەیوەندی نێوان پەروەردەو هونەر پەیوەندییەکی لە مێژینەیە و ئەم پەیوەندییە و کاریگەریەکەی بەردەوام دەبێت و لە داهاتودا زیاتر دەردەکەوێت.

٢- پەروەردەو هونەر دو بابەتی جیاوازی فەلسەفی و فیکری مرۆڤن.

٣- سەرەڕای جیاوازی و سەربەخۆی هەردو بابەتەکە (پەروەردەو هونەر) لە هەمانکاتدا پەیوەندیان بەیەکەوە کاریگەریان لەسەر یەکتر جێهێشتوە.

٤- پەروەردە لە پرۆسەی پەروەدەکردندا سودی لە هونەر وەرگرتوە کاریگەری لەسەر باشترو ئاسانترکردنی پرۆسەکە داناوە.

٥- هونەریش بە هەمان شێوەی پەروەردە، سودی لە میتۆدی پەروەردەیی وەرگرتوە بۆ ئەوەی هونەرەکان بگەیەنرێن بە نەوەکانی دواتر.

٦- پەیوەندی نێوان پەروەردەو هونەر، ئەگەرچی پێکەوە کاریگەریان لەسەر یەکتر کردوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر بابەتەکانی تری وەکو پیسەشازی و ئاین و سیاسەت هەبوە لە هەمانکاتدا بەجیاش کاریگەریان هەبوە لەسەر بوارەکانی ژیان.

٧- پەیوەندی نێوان پەروەردە و هونەر بە ئاستێک گەیشتوە کە بەرهەمەکەی هاتنە کایەی (پەروەردەی هونەر– التربیة الفنیة)یە کە گرنگی بە پەروەردە دەدات لە میانەی هونەرەوە لقێکی نوێی پەروەردەیە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

# The Relationship between Art and Education Analytical Study

**Hasan Husen Sdiq**[1] - **Bayar Othman Qadir**[2]

[1+2] Deparment of Philosophy, College of Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Art and education are two main significant subjects. They have had a great effect on both Man's life and thinking in past and their effects in present which are seen obviously yet nowadays.

Indeed, as two different independent fields, each of them has its own independent concept, task and indication as well as there is a strong connection between them at the same time. As it can be seen and sensed their effective roles in Man's life and thinking clearly in different ways, in the same way, their connections are obvious and it has been reached a level that makes a new independent philosophical ideological field come into being which is (Education of Art).

Art is a way of using of imagination to express idea through the various kinds of arts such as: music, drawing and painting, performance, literature, sculpture or any other subject in the field. According to different eras, philosophies and understandings; art has a different indication and meaning. In giving importance on the concept of art, it has been different form an era and a philosophy to an era and philosophy in different times and it can be seen that its significance is different clearly.

In the same way, education is a really important subject and Man has given importance to it from pre-historic era for the purpose of directing, instructing, teaching and educating a person or a thing so as to adapt with a various environment and different elements until the final stage which is endurable.

The significance and key role of this field has been noticed and seen in different ways throughout history. Although, each of art and education has relation with each other and they have influence on each other, at the same time, each of them has relationship with other sciences in different ways. Because, these two subjects are not closed subjects in the face of other fields like knowledge, thinking and public life. These connections are clearly appeared in fields of sociology, religion, science, ethics, psychology and nature.

The relationship between art and education is more appeared in the education of children. The educators demand to get benefit from art to improve and ease the process of education, at the same time, it is given importance to education in order to teach different kinds of arts.

**Key words**: Art, Education, The Relationship between Art and Education.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14**

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

## سەرچاوەکان:


تۆلستۆی، لیۆن(٢٠٠٩): هونەر چییە؟ و: هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان.

حەمە صالح، مقداد(٢٠١٧): ئیستاتیکا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

حەمەد، یوسف عوسمان، (٢٠٠٥): تیۆرەکانی پەروەردە و فێربون، چاپی یەکەم، هەولێر.

عزیز، دکتۆر کەریم احمد(٢٠٢٠): بنەماکانی پەروەردە-دەروازەیەک بۆ پەروەردەناسی، چاپی دوەم، دەزگای چاپ وپەخشی نارین، هەولێر.

عەلی، سەعید ئسماعیل(٢٠٢٠): فەلسەفەی پەروەردەی سەردەم، و:جیهاد محمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین(٢٠٢٠): بنەماکانی پەروەردەی سەردەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سایە، سلێمانی.

کەمال، د.محەمەد: فەلسەفەی هونەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان سلێمانی.

کۆمەڵێ نوسەر(٢٠٠٥): عەلی ئەکبەر مێهرئارا، محەمەدعەباس زادەگان، عەلی فزوزفەر، مێژوی پەروەردە و فیرکردن (لە ڕۆژگاری کۆنەوە تا ڕینسانس)، وە: قادر وریا.

کۆمەڵێ نوسەر(٢٠١٠): هونەر وئاین، و:هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

کۆنسێپت (٢٠١٢): گۆڤارێکی ڕەخنەیی فکرییە، کۆمەڵێ نوسەر، چاپخانەی شەهاب، ژمارە٦.

مجاهد، عبدالمنعم مجاهد(٢٠١٣): لێکۆلینەوە گەلێک دەربارەی زانستی ئیستاتیکا، وە: عبدوڵا گەرمیانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

محەمەد، ئەحمەد عەلی ئەلحاج، (٢٠٠٨): فەلسەفەی پەروەردە، وە: تەها محەمەد ئەمین قەرەداغی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

مطر، د.أمیرة حلمی(٢٠١٩): فەلسەفەی جوانی، وە: ڕەمەزان حەمەدەمین قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

مەحمود، عبدالرحمان حەمە چاوش، (٢٠١٣): پەروەدە لە سایەی فەلسەفەی پەروەردەی نیشتمانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

مەرزبان، پەرویز(٢٠١٩): پوختەی مێژوی هونەر، وە: ستار کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان-سلێمانی.

میراودەلی، د.کەمال(٢٠٠٥): فەلسەفەی جوانی و هونەر- ئیستاتیکا، چاپی دوەم، خانەی چاپ و بڵاو کردنەوەی قانع، زانکۆی سلێمانی.

هەورامی، حەمە کەریم، (٢٠٠٨): مێژوی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

وابرتۆن، نایجل(٢٠١١): بنچینەکانی فەلسەفە، وە: دڵشاد ئەمین، چاپخانەی کارۆخ.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14

ئالانی، عزیز، (٢٠١٩): فەلسەفەی پەروەردە، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوارچرا

ابو ريان، محمد على(٢٠١٠): فلسفة الجمال، ونشأة الفنون الجميلةوكلية الاداب-جاميعة الاسكندرية.

ابراهيم,الدكتور زكريا:مشكيلة فن,مكتبة مصر.

ابراهيم، الدكتور زكريا(١٩٨٨): فلسفة الفن في الفكر المعاصر، الناشر مكتبة مصر.

الالوسى، أ.د.حسام محى الدين(٢٠٠٨): الفن(البحد الثالث لفهم الانسان)، الطبعة الولى، بيت الحكمة-العراق-البغداد-باب المعظم.

بل، كلايف(٢٠١٣): الفن، ترجمة:د علدل مصطفى، الطبعة الولى، القاهرة.

ومنير، كمال(١٤٣١هه-٢٠١٠م): حدل العقلانية في النظرية النقدية لمدرسة فرانفورت(نموذج هوربرت ماركوز)، الطبة الاولى، الدار العربية للعلومناشونر، بيروت.

جيدورى، الدكتور صابر(٢٠١٠): الخبرة الجمالية و أبعادها التربوية في فلسفة جون ديوى، دمشق.

الحجلاوى، لطفى(٢٠٠٩): فلسفة التربية اشكاليات الراهنة، دار التنوير.

الحيلة، د. محمد محمود(٢٠٠٨): التربية الفنية وأساليب تدريسها، التبعة الثالثة، دار المسيرة للنشر والتوزسع، عمان.

رحمة، الدكتور انطون، الشماس، الدكتور عيسى(٢٠١٤-٢٠١٣): التربية العامة وفلسفة التربية، جاميعة دمشق.

سحفان، حسن شحاته(بدون سنة): كونفيوشيوس، نفهطه مصر.

سلطان، محمد سيد(١٩٨٤): المدخل العلوم التربية، اسكندرية.

شعبان، الدكتور عبدالعظيم(١٩٨٤): المدخل العلوم التربية، الاسكندرية.

الشيبانى، د عمر محمد التومي(١٩٨٧): التطور النظريات.

العامرى، محمد محمود(٢٠١٥-٢٠١٤): الاتجاهات المعاصرة في التربية الفنية، مجلة الاداب والعلوم الاجتماعية.

عبدالقادر، حمداوى (٢٠١٦-٢٠١٥): دور التربية الفنية في تحسين المستوى التعليمى " متوسطة غزى بفنوغيل ولاية أدرار- أنموذجا"، بحث الماستر.

عبده، الدكتور مصطفى(١٩٩٩): فلسفة الجمال(ودور العقل في الابداع الفنى), الطبعة الثانية، مكتبة مدبولى، القاهرة.

على، حسين(٢٠١٠): فلسفه الفن/رؤيةجديدة، الطبة الاولى، بيروت-لبنان.

فهيم، د كلير(١٤٢٥ه-٢٠٠٤م): الاسرة و المدرسة/ المعلم و تحقيق النجاح للابناء، مكتبة للثقافة الدينية، الطبعة الولى، القاهرة.

لوبون، غوستاف(٢٠١٥): روح التربية، ترجمة طه حسين، الطبعة الولى، القاهرة.

محمد، الدكتور على عبدالمعطى(١٤٠٥هه-١٩٨٥م): فلسفه الفن/رؤيةجديدة، دار النهضة العربية، بيروت.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper14**